ئەم بابەتە لە شاری هەولێر لە بەرواری 21-01-2014 لە لایەن مامۆستا(محمدرافع) گووتراوەتەوە، و دۆست و قوتابییانی مامۆستا هەڵساون بە نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی.

**چ کاتێك جووڵەی مرۆڤی ئیماندار دەبێتە ئیمانی ڕاستەقینە؟**

**بڕی گۆڕانکاری لە ناوەوە و دەروونی کەسەکە پەیوەیستە بە بڕ و قەبارەی ئیشکردنی لەسەر دەروونی مرۆڤەکە خۆی، مەبەست لە قیرائە بە گشتی چییە؟**

**ئایا قورئان باسی کردووە ئەو دەروون (النفس)ە بە چی گەشە یان پاك (تزکیة) دەبێتەوە؟**

**کاتێك ئیمان دەچێتە قووڵایی دەروون.. ئایا ڕۆزیی مرۆڤەکان لەسەر زەوییە یان لە ئاسمانە؟ چۆن وا بکەین ترسمان لە ڕۆزیی نەمێنێت؟**

**ئایا چ کاتێك لە قیرائەکردنی هەر ماددەیەك تەواو دەبێت؟ ئەم ماددەیە کە باسی دەکەین ماددەیەکی ڕۆشنبیری نییە بەڵکو ماددەیەکی کردارییانەیە.**

## چ کاتێك جووڵەی مرۆڤی ئیماندار دەبێتە ئیمانی ڕاستەقینە؟

لەوانەی ڕابردوو ئەوەمان باسکر کە دەبێ ئیمان هەروەکو هاوکێشەیەکی بیرکاریی لە واقیعی ژیانی مرۆڤ ڕەنگ بداتەوە، و ئەگەر لە ژیانیشی بەم جۆرە بێت ئەوا دەبێ لە خودی خۆی هەستێك و ئالوگۆڕییەکی دیاریکراو و جۆریی بێنێتە ئاراوە، ئەوەشمان خستەڕوو کە ئەو جۆرە هەستە هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای دەست بەئیشکردنی مرۆڤەکە لەسەر دەروون(نفس)ی خۆی هەستی پێ دەکات، ئینجا دەچەسپێت، تا وای لێدێت دەبێتە حاڵەتێکی بەردەوام وەك زانایان ناویان ناوە بە (مَلَکَة)، تا وای لێدێت دەبێتە بەشێك لە قەوارەی و لە هەستەوە دەبێتە نەست، کاتێك لە نەستەوە(لا وعي) جووڵە دەکات، کاتێك گەیشتە ئەو ئاستە، ئەو کات پێیدەگوترێت ئیمانی ڕاستەقینە.

## بڕی گۆڕانکاری لە ناوەوە و دەروونی کەسەکە پەیوەیستە

## بە بڕ و قەبارەی ئیشکردنی لەسەر دەروونی مرۆڤەکە خۆی

باسی هەندێ لایەنمان کرد دەربارەی ئەو سیفاتە ئەندامییە جەستەییانەی کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات، ئەگەر هاتوو ئەو نیشانانەش نەبێت مانای وانییە حاڵەتەکە نییە، جا کەم یان زۆر، واتە لە سەرەتای ئیشکردن ئەگەر هاتوو هەست بەم گۆڕانکارییانە نەکرا لە ئاستێکی دیاریکراو مانای وا نییە هیچ نەکراوە، یان مانای وانییە کە سوود نەبینراوە لە کرداری قیرائە، واتە ئەو ئاستە کە مرۆڤەکە خۆی لۆخۆی داناوە پێی بگە، ئەگەر نەگەیشتە ئەو ئاستەی کە بۆخۆی دایناوە، ئەمە مانای نەگەیشتن نییە، بڕی گۆڕانکاری لە ناوەوە و دەروونی کەسەکە پەیوەیستە بە بڕ و قەبارەی ئیشکردنی لەسەر دەروونی مرۆڤەکە خۆی، لەم بابەتەدا تا چەند ئیش بکرێت بە جۆرێکی ڕاستودروست ئەوەندە جێشوێن و بەرهەمی دەبێ، بە مانایەکی دی ئەگەر کەم ئیش بکات ئەوا کاریگەریی و جێشوێنەکەی کەمتر جێدێڵێت لەسەر ناوەوەی مرۆڤەکە، زۆر ئیش بکات جێشوێنێکی زۆر جێدێڵێت. مەرجیش نییە ئەو جێشوێن(أثر)ە لەلای هەمووان هەمان ئاست بێت، واتە ئەم جیاوازییە لە هەستی دوو کەس دوای قیرائەکردن کە یەکێکیان بەهێزتر بێت، و ئەو کەسەی هەستەکەی بەهێزترە مانای وا نییە ئەو بەهێزتر و باشترە و ئەوەی ئەو هەستانەی نییە خراپ بێت.

**مەبەست لە قیرائە بە گشتی چییە؟**

ئامانج و مەبەست لە قیرائەکردن ئەوەیە کاتێك مرۆڤ مەخلوقی بینی، خالیقی بەبیر دێتەوە، هەموو ئامانجەکە ئەوەیە: مەخلوقی بینی خالقی دێتەوە بیر، مەخلوقەکان پردێکن بۆ ناسینی خالقەکە، هەموو ئامانج لە قیرائەکردن ئەوەندەیە. ئەگەر هاتوو مرۆڤ قیرائەی لەسەر هەر مەخلوقێك کرد کە ئەوە مەخلوقە و هەرکاتێکیش چاوی بەم مەخلوقە کەوت خودای ڕەحمانی بە بیر داهات، ئەمە واتای وایە ئەو مەخلوقە قیرائە کراوە و تەواو، ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە دەڵێ کەی لە قیرائەکردن تەواو دەبین؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کەوا ئەو کاتە لە قیرائە تەواو دەبین کە ئامانجی قیرائەکردن هاتە جێ، ئینجا لێرە دەپرسین ئەی ئامانجی قیرائەکردن چییە؟ ئامانجەکە ئەوەیە کە ئەو مەخلوقە بمانگەیەنێتە خالیق، بە سادەیی و بە ئاسانی هەر مەخلوقێکمان بینی و خودامان بێنێتەوە بیر، ئینجا لە هەموو ئاسۆیەك، هەر لە زەوی و ئاسمان و ئیتر و ئیتر... هەمووی مەخلوقن، واتا لەدوای ئەم مەخلقە خالقێك هەیە، کاتێك باسی ئاسمان دەکات و باسی خۆر دەکات و باسی مانگ دەکات، باسی دەریاکان دەکات، باسی چیاکان دەکات، باسی دارەکان دەکات، ئەمانە هەمووی مەخلوقن، کێ لە دواوەی هەیەو جووڵەی پێ دەکات و خاوەندارێتی دەکات؟ بێگومان خالق، هەرکاتێك ئەو هەستەمان بۆ دروست بوو و ئەو هۆشیارییەمان بۆ پەیدابوو، ئەم مەخلوقانەمان بینی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خودامان بەبیر هاتەوە، ئەوا قیرائەمان تەواوە و لەم ڕەهەندەش تەواومانکردووە.

**ئایا قورئان باسی کردووە ئەو دەروون (النفس)ە بە چی گەشە یان پاك (تزکیة) دەبێتەوە؟**

لەوانەیە یەکێك بپرسێت مەخلوقات گەلێك زۆرن چۆن هەموو بەیەکجار تەواو دەبێ؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کەوا ئێمە نەهاتووین ئیشمان ئەوە بێت ئەم هەموو مەخلوقاتانە بژمێرین و سەرژمێری بکەین. قیرائەکردنی یەك دانە مەخلوقیش ئامانجەکە ناپێکێت، بەڵکو خودای ڕەحمان باسی ئاسمانی کردووە و باسی زەوی کردووە و باسی ئاوی کردووە، باسی چیای کردووە، لۆ نموونە دەفەرموویێت: (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا * وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا * وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا)( الشمس1-3) باسی خۆر و مانگە (وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا * وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا * وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا * وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا)(الشمس4-7) تەماشای ئەو هەموو ئایەتانە بکەین (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا)(الشمس1) باسی خۆر دەکات و باسی جووڵەی خۆر دەکات، لەدوای خۆرهەڵاتن بە ماوەیەك دەبێتە چێشتەنگاو، کە لە ئەنجامی جووڵەی زەوییەوە ئەم دیاردەیە دروست دەبێت، لە ئاسۆیێك لە هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی زەوی جووڵە بە خۆر دەکرێت، جێشوێنی ئەو جووڵەیە پێیدەگووترێت چێشتەنگاو(ضحی)، لێرە خۆر جووڵەی خۆی کرد، ئینجا (وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا)(الشمس 2) دیارە کردەییانە مانگ پاشکۆی خۆرە، کاتێك خۆر جووڵەی کرد بە گوێرەی جووڵەی خۆرەکە مانگیش جوڵە دەکات، کاتێك خۆر دێت هەڵدەستێت بە لادانی شەو، ئینجا دەفەرموویێت: (وَاللَّيْلِ اذَا يَغْشَها)(الشمس 4) هەڵبەت ئەمانە پەرجوون(معجزة)، پەرجووی فیزیاوی و پەرجووی جوگرافییانە، کە کۆمەڵێ شتی سەمەرەی تێدایە، باسی شەو دەکات، پاشان باسی ڕۆژ دەکات (وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّهَا)(الشمس 3) ئینجا دەبێتە باسی ئاسمان (وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا)(الشمس 5) ئاسمان، ئینجا: (وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا)(الشمس 6) ئەوە هەمووی بەچی گرێدا؟ (وَنَفْسٍ ومَا سَوَّاهَا)(الشمس 7) کەواتە ڕاست و دروستکردنەوەی دەروون(تسوية النفس) بەم ئایەتانە دەکرێ (وَنَفْسٍ ومَا سَوَّاهَا)(الشمس 7)، ئینجا دێت دەروونەکان دەستنیشان دەکات، هەموو دەروون(نفس)ەکان لە دوو بازنە گەمارۆ دەدات (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس 9) ئەوەی دەروونی خۆی پاك و گەشە (تزکیة)ی پێدا ئەوا سەرکەوتن (فلاح)ی بەدەستهێناوە، پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئایا ئەو دەروون (النفس)ە بە چی گەشە یان پاك

(تزكية) دەبێتەوە؟ (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا * وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَها * وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا * وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا * وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا * وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا * وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا * فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وتَقْوَاهَا * قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس 1-9) بەو ئایەتانەی پێشوو (وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا)(الشمس 10)، لێرە دەردەکەوێت کە سەرکەوتن و ڕزگاربوون بەم ئایاتانەیە (وەك هاوکێشەیەکی ئەندازەیی) (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس 9)، سوڕەتێکمان هەیە لە قورئان پێیدەگوترێ سوڕەتی المؤمنون کە تێیدا هاتووە: (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ * الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ)( المؤمنون 1-2) ئەگەر ئەم دوو ئایەتە لەبن یەکتری بنووسین:

(قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس 9)

(قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ) ( المؤمنون 1)

ئایەتەکان بەم شێوەی سەرەوە دەردەکەوێت ئەم دوو ئایەتەش کە بە ڕیزبەندی دابەزین (ترتيب النزول) لەدوای یەکەوە هاتوو، ئەگەر بێنین و سەیریان بکەین هاوکێشەیەك دێننە ئاراوە ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

(**قَدْ أَفْلَحَ** مَن زَكَّاهَا)(الشمس 9)

(**قَدْ أَفْلَحَ** الْمُؤْمِنُونَ) ( المؤمنون 1)

ئەگەر بێتو لە هەردوو ئایەت وشەکانی (قَدْ أَفْلَحَ) لابدەین و ئینجا سەیرێکی ئایەتەکان بکەینەوە دوو شت دەمێنێتەوە ئەوانیش:

(مَن زَكَّاهَا = الْمُؤْمِنُونَ)، هەردوو وشەی(قَدْ أَفْلَحَ) هەمان مانایە، هەمان پیتە، و هەمان شتن، ئەوکەسەی کە (قَدْ أَفْلَحَ) سەردەکەوێت ئەگەر بەم جۆرەی کرد ئەوا گەشە دەکات و پاك دەبێت، بە چی (تزكية) دەکات؟ بەم ئایاتە مخلوقاتانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، لێرەدا (نفس)ەکەی بە (تزكية)کە (أفلح)ەی بوو، هەمان شت (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ * الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ)(المؤمنون1-2) کەواتە ئەو ئیماندارانەی لە نوێژیان (خشوع)یان هەیە سەرکەوتن (فلاح)یان بوو، ئەو (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس 9) ئیمانداران بەرهەم دێنێت کەواتە (مَن زَكَّاهَا) کارگەی بەهەمهێنانی ئیماندارانە، ئێمە بە چی دەبینە ئیماندار؟ بێگومان بە (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس9) هەر یەکێک لە نێو بوون (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس9) بکات ئۆتۆماتیکی دەبێتە ئیماندار، کەواتە (تزكية النفس) ئیمان بەرهەم دێنێت، بێگومان ئەمەش ئاسانە، بنچینەیەکی بیرکارییە، واتە (زکاها) یەکسانە بە (مؤمنون)، هەرکەسێك قیرائەی ئەو ئایەتانە بکات ئۆتۆماتیکی دەروونی گەشە دەسەنێت یان پاك دەبێتەوە، (تزكية النفس) قۆناغی یەکەمی ئیمانە، واتە زەمینەی داکوتیوە.

**کاتێك ئیمان دەچێتە قووڵایی دەروون..**

هێدی هێدی ئەو ئیمانە دەیەوێت بچێتە نێو قوڵایی ئەو دەروونەی، هەر کاتێك ئیمان تێکەڵی ئەو دەروونەی بوو، هیچ هێزێك لە بووندا نییە بتوانێت ئەو ئیمانە دەربێنێتەوە، لۆ؟ پێشتر گووتومانە ئیمان هاوشێوەی شیرێکە و بووبێتە ماست، هیچ هێزێك نییە دیسان ئەم شیرەی بۆتە ماست بۆ جارێکی دیکە بیکاتەوە بە شیر، دەروون (نفس) هەمان شتە کە (تزكية) بوو دەگۆڕێت، زەمینەی ئیمان ئەو ئایەتەیە کە باسمان کرد، کەواتە قیرائەی مەخلوقات وەك زانایان دەڵێن باشترین ئامرازە بۆ ئیمان هێنان، بە بڕوای منیش قیرائەکردن تەنها ئامرازە لۆ ئیمان هێنان.

## ئایا ڕۆزیی مرۆڤەکان لەسەر زەوییە یان لە ئاسمانە؟ چۆن وا بکەین ترسمان لە ڕۆزیی نەمێنێت؟

باسی ئەوەشمانکرد کە جێشوێنی ئەو (تزکیة)یەی لەسەر دەروونی مرۆڤ واتە لۆ نموونە ئایەت هەیە دەفەرمووێت: (وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ * فَوَرَبِّ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ)(الذاريات22-23) ئەو کەسە خۆشەویستە هاتووە قیرائەی ئاسمانی کردووە، لە ئەنجام پەیوەستبوونێکی جۆریی دەروونیی لە نێوان خۆی و لە نێوان ئەو ئاسمانە دروست بووە، لەم ئایەتەدا خودای ڕەحمان باسی ڕۆزیی دەکات، کەواتە لە ڕووی دەروونی بڕوای بەوە دێت ڕۆزییەکەی لە ئاسمانە، ئینجا کە ڕۆزیی لە ئاسمانە پەیوەندی لەگەڵ سۆزدارییەوە لاواز دەبی، ئەمە ئەگەر بمێنێ؟ خۆ بەستانەوەی بە زەوی و ئەو هۆکارانەی زەوی کە ڕۆزی دەدات، ئەو هۆکارانە لاواز دەبێت، ئەو کاتە ترسی نامێنێت لە ڕۆزیی، لەم دۆخ و حاڵەتەش جێگیربوونێکی دەروونیی لە لای مرۆڤی ئیماندار دروست دەبێت بەرامبەر بە ڕۆزیی، کە ئەویش لە قیرائکردنەوە لۆی دێت، کە خودای ڕەحمان دڵنیای کردووە، ئارامی داوەتێ بەوەی ئەگەر هاتووتۆ قیرائەت کرد، جا قیرائەی ئاسمانت کرد، یەکێك لەم بەروبوومەی قیرائەی ئاسمان بریتییە لەم ئارامی دڵ و دەروونەت لۆ دروست دەکات، کە کردەییانە ڕۆزیی بە دەست خودی (الله)یە(جل جلاله)، گەر ڕۆزیش بەدەست خودای ڕەحمانە ئەم پەلەپەل و ئەو دوودڵیی و ترسەی کە لە ڕۆزیی دروست دەبێ لۆ مرۆڤ کە وای دەبینێ وەك ئەوەی کە ڕۆزیی مرۆڤەکان لەدەست مرۆڤەکان بێت! هەروەك فەرمانبەرێك یان تەنانەت گەر کاسبکاریش بێت، ئەگەر ڕۆژەکە قەدەغەی هاتووچۆ کرا! یان ئەو ڕۆژەی کە باران نەبارێت جووتیارەکە هەستی چۆن دەبێ؟ وەك یەك کۆمەڵ شت کە لەسەر زەوی دونیا دەبێت، ڕۆزیی خۆی بەم شتە گرێ دەدات، باسەکەمان دەربارەی ئەو خاڵەیە کە ئایا قیرائەکردنی مەخلوقات یەك لەم مەخلوقاتانە ئاسمان، ئایا کاریگەریی دەبێت لەسەر گۆڕینی دەروون(نفس) یان نایبێت؟ و باسی بەروبوومی ئەو قیرائەیەی دەکەم کە ئایا ڕۆزیی لە ئاسمانە یان نا؟ لێرەش خودای ڕەحمان مەبەستی لە وشەی ئاسمان خودی خودای ڕەحمان نییە، ئەگەر خودای ڕەحمان مەبەستی خۆی(جل جلاله) بووایە دەیفەرموو (خودا)، ئەنجام گەیشتینە ئەوەی کەوا قیرائەکردن گۆڕانکاری لە دەروون (النفس) دروستدەکات، ئەم گۆڕینەش بە چی دەبێت؟ بەم مەخلوقاتانەی کە خودای ڕەحمان ناوی هێناون، کەواتە ئەو مەخلوقاتانە وەك پردێك دەمانگەیەنن بە ئاشنابوون بە خالیق، جا هەر کاتێك ئەوەمان کرد جێشوێن (أثر)ی لەسەر دەروونمان جێدێلێت، لەبەرئەمەشە یەکێك لەم کاریگەرییانەی کە قیرائەکردن لەسەر دەروونی مرۆڤی ئیماندار دروست دەکات، برتییە لەوەی کە ئەم هەلپەهەڵپەی نامێنێت لۆ خواردن و خواردنەوە و لۆ گوزەرانی و ژیانی لەم جۆرە، هەردەم بە هاوسەنگی و بە ڕێکوپێکی جووڵە دەکات لەم دونیایە، ئەو فەوزەوییەتەی کە لە کەسانی دیکە دەیبینی هۆکارەکەی برتییە لەم قیرائەنەکردنی هەموو ئەو هۆکار و بوونە هۆکارانەیە کە خودای ڕەحمان لە دواوەی ئیشی لەسەر دەکات! لەبەرئەمە گرنگە بە بەردەوامی قیراکردن هەبێت.

## ئایا چ کاتێك لە قیرائەکردنی هەر ماددەیەك تەواو دەبیت؟

پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئایا چ کاتێك لە قیرائەکردنی هەر ماددەیەك تەواو دەبیت؟ کاتێك دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە قیرائەکردن ڕۆڵی خۆی بینیوە، هەرکاتێك چاوتان کەوتە سەر هەر ماددەیەك و بینیتان و هەرکە ئەو مەخلوقەی بینیت یەکسەر خودای ڕەحمانتان بێنێتەو بیر، ئەوا ئەو ماددەیە ڕۆڵی خۆی بەجێگەیاند لە قیرائەکردن، واتە ئەو کاتە لە قیرائەکردنی ئەو مادەیە تەواو دەبن، ئەو کاتەی چاوتان بە ماددەکە کەوت خودات بە بیر بێنێتەوە.

**ئەم مادده و وانەیە کە باسی دەکەین ماددەیەکی ڕۆشنبیری نییە**

**بەڵکو ماددەیەکی کردارییانەیە**

ئەم ماددەیە کە باسی دەکەین ماددەیەکی ڕۆشنبیری نییە، ماددەیەکی کردارییانەیە، و دەبێ جێبەجێ بکرێت، و دەبێ ئەنجاممان هەبێت، و نابێ کەمتەرخەمی تێدا بکرێت، نابێ مرۆڤەکە سەرقاڵ بێت، چونکە مرۆڤەکان هیچ کاتێك هزر و بیری بەتاڵ نییە، ئەگەر مرۆڤەکە بیەوێت هەموو کاتێ بیری سەرقاڵە، وەك ئەو ئاوەی نێو دەفرێك ئەگەر بەشێکی لێ بەتاڵ بکەیت، شوێنی ئەو بەشەی ئاوەکەی لێ دەرهێنراوە بە قسە دەڵێین بەتاڵ بووە، بەڵام لە ڕاستیدا بەتاڵ نەکراوە بەڵکو هەوا جێگەی ئاوەکەی گرتۆتەوە، واتە مەسەلەکە بڕیاردانە لەسەر خودی خۆت، دەبێ بۆ بابەتەکە دابنیشیت و ئینجا کە دادەنیشیت هەرکە بیرت ڕۆیشت بیهێنیتەوە، لە نەکردن و ئەنجامنەدانی ئەم قیرائەکردنەش مرۆڤەکان هیچ بیانووێکیان نییە، پێویستە مرۆڤەکان ڕۆژی دوایی خۆیان لەبەرچاو بێت و فەرامۆشی نەکەن و تەمبەڵی نەکەن، قیرائەکردن مرۆڤی عەقلمەندتر دەکات و فێری دانایی دەکات، لەبەرئەوە دەبێ هەردەم و هەرگیز دەستبەرداری ئەو کارە نەبین.